# نوێخوازی و عەقڵی داهێنەرانە

خالد ئەلخەزرەجی
و/ عەبدوڵلا ڕەحمان

نوێخوازی بیدعە نییە، دیاردەیەکیش نییە ئەمڕۆ لە دایکبووبێت و سبەی لەناو بچێت، بەڵکو شێوازێکی نوێیە، کودەتایە لەسەر جەوهەری شتەکان، روانگەیەکە بۆ بوونێک کە لەگەڵ ئاوازی سەردەمێک لەنێو رەحمی مەعریفەدا لە هەموو بوارەکانی ئەدەب و، لەنێویشیدا شیعر بڵاودەبێتەوە، چەمکی نوێخوازی نزیکە گشتگیر ببێت و هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی وەکو شانۆ و وێنەو تاشین و، هەروەها سەرجەم چالاکییە مرۆڤایەتییەکانی دیکە لە زانست و هونەرو پەروەردەو مرۆڤایەتی بگرێتەوەو بۆ چەمکە ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتیەکانیش تێپەڕ ببێت. کەواتە نوێخوازی چەمکێکی سەرتاپاگیرییە بۆ ژیان و مەنهەجێکی فەلسەفییە کە لەڕووی سۆسیولۆژی و مێژووییەوە بەواقیعی هاوچەرخ بەستراوەتەوە.

نوێخوازی مانای پچڕانی پەیوەندی بەڕابردووش ناگەیەنێت و ئێستاش نەفی ناکات، بەڵکو ئێستا نوێخوازی شێوازی هەڵبژێردراو و چەمکی گشتگیرە بۆ هەموو ئەوانەی لە هزردان، کە رەنگە لەدەرەوەی سنووری زەمەن بن، نوێخوازی یاساکان رەتدەکاتەوە، چونکە یاساکان بەلای چەسپاندن

دەچن، هەروەها پێوانەش ڕەتدەکاتەوە، چونکە هەندێک جار هەڵە دەکات لە کێشکردندا، هەروەها لە ئەفلاتوون و فەلسەفەی هیگل و جەدەلییەتی دیکارت کە خاوەنی ئەو وتە بەناوبانگەیە لە مێژوو (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم)، دووردەکەوێتەوە و لە ئەرەستو تێدەپەڕێنێت.

نوێخوازی دیالێکتیکە، جەدەلی زانستییە.. پرسیار بکە وەڵامت دەداتەوە، پرسیار لە هەر هونەرمەندێک بکە لەبارەی ئەو تابلۆیەی کێشاویەتی، وەڵامت دەداتەوە، پرسیار لە هەر شاعیرێک بکە لەبارەی ئەو قەسیدەیەی کە تازە یان چەند ڕۆژێکە لە نووسینی بووەتەوە، بەقەناعەتێکەوە وەڵامت دەداتەوەو کە هەندێک زیادەڕەویشی لەگەڵدایە، بەڵام تۆ قەناعەت بەشێوازو مەنتیق و عەقلانییەتی دەکەی. نوێخوازی لە کرۆکی ماقوولییەت لەدایکبووە، ئەو ماقوولییەتەی کە لە عەقڵدا دەمێنێ و لەگەڵیدا گەشە دەکات و بازێکی بۆماوەیی لێ دەدات و لەگەڵ ئێستادا زاوزێ دەکات. ئێستایەکی گشتگیرو سەربەخۆی خودی، کە ئارەزووی بازدان لە پەرژینە مێژووییەکان و مەعریفەو سەردەمەکانەوە دەکات. نەک هەر ئەمەش، بەڵکە نوێخوازی پێچەوانەی میتافیزیک بۆ ئەوەی ئەدەبی ئێستا بگەێنێتە بەرزترین لوتکەی حاڵەتەکانییەوە، چونکە چەند پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان کائینەکاندا هەیە، لەنێوان مرۆڤ و بوون و شاعیرو کۆمەڵگا، کە هەموویان وێنەیەکی شیعری و ئیقاعیی دەردەبڕن کە مرۆڤ دروستی دەکات.



هیگل

ڕەنگیشە وەکو دەستبەسەرێک بن، کاتێک لە قووڵایی خودی مرۆڤایەتییەوە دەردەچن. نوێخوازی جەدەلی مەنتیقە، کرۆکی مەنتیقە، عەقلی عەقڵە، کە لەسەر لێکۆڵینەوەی حاڵەتەکانی عەقلییەوە کە شایانی بەنموونەبوونی بابەتییەوەن دەستپێدەکات. نوێخوازی لەوەش دوورتر دەڕوات و وێنەی ئێستا وەکو خونچەگوڵ دەکێشێ. هەر ئەمەشە کە نوێخوازی وەکو کائینی زیندوو ئاماژەی بۆ دەکات و بەخۆرسکییەوە بۆ ئەدەب دەیگوازێتەوە کە نەخەیاڵ و نەنووشتەی ساحیر دەستی پێ ڕادەگات.

بەڕای هیگل مانا زمانی بڵاو نییە، بەپێچەوانەی ئەرستۆ کە وای بۆ دەچێت بەتەنیا عەقڵ لەم بوارەدا لەپێشە. ئەرستۆ جۆرە عەقلانییەتێک لە شتەکاندا دەبینێت، واتە کردەوەیە بەشێکی گەورە لە بوون دەگرێت و قەبارەیەکیشی هەیە لە دروستکردنی نوێخوازیدا، هەموو شتێک حیسابی خۆی هەیە و مەنتیق بەڕێوەی دەبات، ئەوە ئەو یاسا بیرکارییە کە

عەقڵ حوکمی دەکات.

گوزارشت کردن لەنوێخوازی بریتییە لە دەلالەتی ڕووداو، ڕووداوێکی نموونەیش، بریتییە لە کۆمەڵە وشەیەکی مەبەستدار کە شتەکان بۆ دوو ڕەنگ یاخود دوو شێوەی مەبەستدارو یەکسان لە ماناو فۆڕم دابەش دەکات.

ماناش ڕووداو ڕاڤەی دەکات، فۆڕمیش، خەرمانەی ڕوئیا دەوری دەدات و لە خەونی حیکایەتخوان بەرجەستە دەبێت.

نوێخوازی هەموو ئەو شتانە لەخۆدەگرێت وەکو ئەو چوارچێوەیەی لە وێنە دەگیرێت.

هەروەها نوێخوازیش منتقێکی کلاسیکی بۆ ماوەیی نییە، بەڵکو پێش هەموو شتێک عەقلانییەتێکە لەسەر تێگەیشتن و بینینی دەوروبەری خۆمان وەستاوە. یادمانێکە کە خود هەڵیدەبژێرێت و عەقڵ چالاکی دەکات. بەتەنیا هیگل لەڕێگای هەڵهێنجان و هەڵگۆزینەوە چەمکی و بیروڕای خۆی بۆ بزووتنەوەی مێژوو دیارکرد. لە هەموو کێشەیەک دژی هەیە، ئەوە بیروڕای هیگل بوو. ژیان ئەوەیە کە بەرهەم دێت و ڕۆشنبیریش ئەوەیە کە داهێنان دەکات، هیگل چەمکە گشتییەکانی ڕەوشت و سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوو و هونەرو هەموو جۆرەکانی مەعریفەی بە بەشێک لە نوێخوازی دانا، چۆن؟!



ئەرستۆ

هەموو دیاردەیەک ڕۆڵی لە کردەوەو بزووتنەوە هەیە. بیروڕاش لەدەرەوەی شتەکاندا نییە، بەڵکو بەشێکە لێی، هەروەها زانست و ئەدەب و هونەریش یاسای تایبەتی خۆیان هەیە کە بارودۆخی گشتی کۆمەڵگا لەچوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە. فەرزی دەکات، بەڕای هیگل هەموو شتێک هاوچەشنی کردەوەیە. هەموو کردەوەیەکیش واقیعێکی هەستپێکراوە لەژیانی هەر کائینێکی زیندوودا، بەمەش واتە هەموو شتێک ڕۆڵێکی لەژیاندا هەیەو هیچ شتێک بەبێ بنج و ڕەگوڕیشەوە نابێت. بەواتایەکی دیکە، بنچینەو سەرەتا لەتوپەت دەبێت و لقوپۆپی لێ دەبێتەوەو پاشان هەر لقێک دەچێتەوە سەر بنچینەکەوە. نوێخوازی بەڕەگوڕیشاڵە لەمێژوودا، ئەو لەقووڵایی مێژوودایە، لەهەموو سەردەمەکانەوە بوونی هەبووە و لەهەر سەردەمێکیش نموونەیەکی نوێخوازی تایبەت بەخۆی هەبووە، لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەنیش چەمکەکانی بوونەتە یاسایەک لەدەرەوەی مێژووەکەی خۆیدا، لەبەر ئەمەشە هەمیشە مرۆڤ بەدوای نوێخوازی نوێدا گەڕاوە، بەمەش گواستنەوەو پەیوەندیکردن لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا بەردەوام بووە لەپێناو دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئایندە.

(٢)

لەهەندێک کاردا، شتەکان مەحاڵە ببنە وێنەو واتا، لێرەدا کار ئەو رووداوانەی کە بەشوێنکاتی واتاییەوە پەیوەستە، کورتدەکاتەوەو لە خزمەیاتی و نزیکی کات و شوێن و جووڵانەوەی مێژوودا چالاک دەبێت، هەمیشە شتەکان لە موفرەداتەکان دەدوێن کە شاعیر یاخو چیرۆکنووس پەنای بۆ دەبات تا بگاتە لوتکەی داهێنان. داهێنانیش بەدوای ئەو موفرەداتانە دەگەرێت کە دەربڕی واقیعی ئێستاو وشەکانی ئێستایە، ئێستا واتە هاوچەرخبوونی موفرەدە، لێرەوە نوێخوازی دەبێتە نموونەی ئەدەبێکی تازەو داهێنەر بەمەرجی عەقڵانییەتبوونێکی کراوە بەرامبەر بەجیهانێک کە هەوری مێژوو وەکو بەرهەڵستکارێک بۆ واقیعێکی نوێبوو و بەرەگوریشاڵ لە مێژوودا جودای ناکاتەوە.

لە نوێخوازیدا هەموو مانایەک، مانای هەیە واتە دەلالەتی خۆی هەیە، هەموو دەقێکیش جەوهەرو قووڵیی دەلالەت و جووڵەی خۆی هەڵگرتووە. شتەکانیش بەدوای دەلالەتی خۆیان دەگەرێن، نوێخوازی ئاشکراکردنی شتە شاراوەکانە کە دەبووە بەربەستێکی (میتافیزیکیا) لەبەردەم نووسەرو بیروباوەڕ ئازادیخوازەکەی چەقبەست دەکردو توانای بۆ داهێنان پەک دەخست و ئەو چوارچێوە ئاساییەی کە زەمانێکە لە جەستەیدا پووکاوەتەوە تێدەپەڕاند.

نوێخوازی لەو شێوازە ناوێزەیەی رەسەنایەتی و داهێناندا دێتە بوون کە هەموو ئامێرەکانی بۆ ئامادە دەکات تا ئەو گۆڕە مێژووییە بۆگەنییەی میتافیزیکیا هەڵکەنێت و توور هەڵی بدات لەپێناو بەمرۆڤبوونی مرۆڤایەتی، بەمرۆڤبوونی بوون و جەستەکەی و رزگارکردنی لە کۆتەکانی رابردوواو بەرەو کەناری تازەو ئەو کێشوەرانەی کە تا ئێستا نەیدۆزیتەوە دەیبات.

هەندێک شاعیر دەڵێن نوێخوازی، نکۆڵی کردنە لەرەگوریشاڵ، ئەمەش تێگەیشتنێکی هەڵەیە، چونکە نوێخوازی وشەی بێ ماناو بێ ناو نییە، ئەو لەخۆگرتنی شتێکی نوێیە بەبێ زۆرلێکردن یاخود بەسەرونانی موفرەداتەکانی زمان، هەرکاتێک نوێخوازی موفرەداتەکانی زمانی عەرەبی لەخۆ گرتوو بەگەیاندنێکی تازەوە تێری کرد، ئەوکات دەڵێن نوێخوازی پێویستەو دەتوانرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، گرنگ ئەوەیە شیعری هاوچەرخ پاڵپشت بێت بەبنچینەیەکی کەلەپوورو فۆلکلۆرەوە، چونکە کەلەپوور ئەسڵی زمانەو شادەماری زیندوویەتی کە خوێنی تازەکردنەوەی پێدەبەخشێت، ئەمەش لەبەرئەوەی مەسەلەی دەربڕین لە خەمەکانی سەردەم مەسەلەیەکی زمانییە، ئەمرۆش دوێنێ نییە، بەڵام زمان هەر زمانە، زمانی سەردەمی ئێستا هەمان زمانی کەلەپوورە.

هیچ جیاوازییەک و دژ بەیەک بوونێک لەنێوان نوێخوازی و کەلەپوورەوە نییە. پشتبەستنی شیعری هاوچەرخیش لەسەر کەلەپوورەوەیە، مەسەلەیەکی جەوهەریشەو کێشەی دەربڕین لەو سەردەمەش لەسەر ئەو جەوهەرە پابەندە کە ئەسڵی هەموو شتەکانە. ئەگەر شیعریش خۆی لە

کۆت و بەندە ڕق سست و لێوازە رزگار کرد، ئەوکاتە قەسیدەکە نەمری بەدەستدەهێنێت، بەڵام ئەگەر موفرەداتەکانی لە لایەن قامووسە کۆنەکان دەستبەسەرو زەوتکراوبێت، ئەوا داری شیعر هەڵدەوەرێت و هێشووەکانی پیر دەبن.

ڕەسەنایەتی دابڕاو نییە لەڕەحمی کەلەپوورەوە و ئەسڵیش لە شتەکان ئەو میراتە شارستانییە کە لە یەکەمینەکانەوە بۆمان بەجێماوە، نەک ئەوەی قەسیدە بێ ڕەگوڕیشاڵ بێت، ئەوا لە ئەسڵدا لە مێژوویەکی ڕەسەن کە لەسەر شانی شاعیرەکانەوە هاتۆتە کایەوە و چاکەی رابەرایەتی نووسینەوەی ئەوان بوونە، پێکهاتووە و بەمیرات ماوەتەوە، ئەوەش بەسە کە نەوەی ئێستای شاعیران شانازی بەموعەلەقات و موفەزەلیات و ئەسمەعیات و شەوقیات و حەماسەتی بوحتەری و ئەبیتەمامەوە بکەن. نوێخوازی ڕەتکردنەوەی مێژووی کۆنی شیعر نییە، بەڵکو لە دژی ئەو کارەیەو داوای کردنەوەی کیشوەرە تازەکانی شیعر دەکات، گەیاندنی کۆنی شیعرە بەهاوچەرخەکەی کە بەشێوازی شیعری تازە داهێنراوە ناکرێت لە ستراتیژیەتی شیعری کلاسیکی یاخود ئەوەی کە ناوی لێدەنێین (نیمچە کەلەپوور) جیاوازبێت. نوێخوازیش دەست بەسەر داگرتنێکی بەزۆری ئایدۆلۆژیای مێژووی شیعرو بڕینی ڕەگوڕیشاڵەکانی بەسەردەمی هاوچەرخەوە نییە.

(٣)

قەسیدەی نوێخوازی سەرەڕای کرانەوەی بەرانبەر جیهانی ئایدۆلۆژی، بەڵام چەند قڵیش و درزێکی تێدایە، لەوانەش کێشەی دیاریکردنی شوناسەکەی، کە هەندێک بەوە تۆمەتباری دەکەن هیچ بەرهەمێکی نەبووە، یان بەلایەنی کەمەوە نەیتوانیوە ئەو بۆشاییەی کە قەسیدەی کەلەپووری دروستی کردووە پڕیکاتەوە، دووەم درزیش نەداربوونی قەسیدەی نوێخوازییە لە ئەبجەدییەکی نوێ بۆ زمانێکی نوێ وەرنەگیراو ناڕەسەن، درزی سێیەمیش لە قەسیدەی نوێخوازی ئەو تەمومژەو ڕوانگە لێڵەیە کە سەلەفییەکان و مولتەزیمەکان وەکو بەڵگەیەک لەدژی شاعیرانی قەسیدەی نوێخوازی دایدەنێن کە نەیانتوانیوە شاعیرانی قەسیدەی ئازاد بگەیەننە قەناعەتهێنان بەنوێخوازییەکەیان، یان هەروەکو یەکێکیان دەڵێت (ئەوە «واتا قەسیدەی نوێخوازی» منداڵێکە تا ئێستا گاگۆڵە دەکات، کاتێکی نادیاریشی دەوێت تا بەسەر پێیەکانی بکەوێت تا هەموو ئەو کۆسپانە تێپەڕێنێت کە دەبنە ڕێگری لەپێش کاروانەکەی).

کاتێک قەسیدەیەکی (نوێخوازی) دەخوێنینەوە کە هەموو خەسڵەتەکانی داهێنانی وەرگرتووە، بەڕەسەن هاوسەنگ حوکمی لەسەر دەدەین، ئەوکاتەش لەڕێگای دۆزینەوەی نهێنییە ڕەوانبێژییەکانی دەزووی سپی لە دەزووی ڕەش لەیەکدی جیاوازدەکەینەوە کە دەقێکی (نوێخوازی) لەخۆی گرتووە کە تواناسازییەکی دەوڵەمەندی موفرەداتەکانی هەیە بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای داهێنان و ئاشکراکردنی ناسنامەی داهێنەرەکەیەتی.

بەم شێوەیە دەقی (نوێخوازی) یاساو هێما تایبەتییەکانی دادەڕێژێت بەبێ ئەوەی لە فەرهەنگی ئەوانی دیکەوە وەری بگرێت. ئەوانەی کە دەڵێن نوێخوازی پێچەوانەی مێژووە هەروەکو هەندێک لە شاعیرەکان وان دەچن، یاخود نوێخوازی بەرگرییە لەدژی ڕەوتی کلاسیکی کە لەسەر گۆڕەپانی شیعری زاڵە، هەڵەن. هەندێک لە شاعیرە گەنجەکانیش سەرەخۆشییان لەسەدەی بیستەم کرد و بەسەدەی (شیعری کلاسیکی)یان ناوبردو سەدەی داهاتووشیان بە(قەسیدەی نوێخوازی) وەسفکرد کە هەوڵ دەدات هەرێمی نوێ بۆ شیعر بدۆزێتەوە.

ئایا گرەو لەسەر ئایندەی قەسیدەو پێشینی مردنی (عەمودی شیعری) و سەرکەوتنی قەسیدەی پەخشان بۆ نموونە بکەین؟ یاخود لەخەیاڵی خۆمان یاسا دابهێنین بۆ ئایندەیەک کە نازانین چۆن و کەی پێی دەگەین. ڕاستە شتەکان گۆڕاون و مانای نوێخوازیش لە لایەن هەر نەوەیەوە ڕەهەندێکی دیکە کە ڕەنگە جیابێت لەوەی پێشتر لەخۆ دەگرێت، بەڵام هاتنە ناوەوەی شاعیران بۆ نێو شیعر، جێگەی سەرسوڕمانەو دڵەڕاوکێیە، ئەگەر ئەو نموونانەی کە شاعیرە نوێیەکان دەینووسن هیچ شتێک لەمێژووی پێشووی شیعر لەخۆ نەگرێت، ئەوا سەرچاوەی دڵەراوکێیەکە بۆ ئەو مێژوویە کە هەوڵی دامەزراندنی بۆ دەدەین.

ئەو مێژوویەی کە لەسەر ئارەزوو کپکراوەکان وەستاوە بۆ لێدانی هەموو ئەوانەی کە پێشتر هەبوو تا بگەینە جێبەجێکردنی بوونی ئەو نوێگەرییە کە ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگیرێت، نموونەیەکە ڕەگوریشاڵی نییە تا بتوانێت بوونێکی ئێستا شیعری بۆخۆی دابین بکات.

(٤)

نوێخوازی تەنیا تیۆری خاوەن قاڵبی ئیستاتیکیا نییە، ئەوە خۆی لەخۆیدا داهێنانە، بازدانێکی بۆماوەیی نەسلە لەمێژووی بۆماوەیی سەلەفییەکاندا، وەلێ لە نموونەو چوارچێوەکانی تێپەڕاندووەو نموونەیەکی کراوەی خاوەن ئاسۆیەکی فراوانی داهێناوە.

نوێخوازی بەمانا شارستانییەکەی وتاری سەردەمە، یاسای پێشخستنە، ئەسڵی هەموو نوێیەکە، هەروەها داهێنانەو یاخود داهێنان نییە، شاعیرێک داهێنەرە و ئەوەی دیکەیان نەیتوانیوە لە یەکەم قەسیدەی تێپەڕێنێت کە لەنێو خەڵکیدا بڵاوی کردووە پێش بگاتە ئەو ئاستەی ئێستای.

نوێخوازی دژی قەسیدەی جاهلی یاخود قەسیدەکانی عەباسی و سەرەتای ئیسلام یاخود چاخە دواکەوتووەکان نییە، بەڵکو نوێخوازی لێدانە لە سنووری بەستان و دۆزینەوەی شێوازگەلی تازەیە.

چەخماخەی داهێنان و هاتنە دەرەوەیە لە قۆزاخەی تاریکییەوەو ڕووکردنە بەرەو جوانی و ڕووناکییەوە.

نوێخوازی زمانێکی دینامیکییە، وێکهاتنەوەو چوارچێوەی مردوو ڕەتدەکاتەوە کە هەوڵدەدا قەسیدە لە قاڵب داو هەر لەپێش بێشکەوە

هەمــوو ئەزمــوونێکی نوێ بمرێنێت، هەروەها نەزۆکی مەعریفی رەتدەکاتەوە موفرەداتەکانی لە واقیعی سەردەمەوە وەردەگرێت، بەمانایەکی تر، نوێخوازی زمانێکی شارستانییەو ناچێتە ژێر باڵی تیۆریستەکانی سەلەفی و دانیش بە میراتبوونی چوارچێوە کلاسیکییەکان دانانێت کە قەسیدە دەکاتە پێچاوپێچێکی خورافی، شاعیر مافی تێپەڕاندنی نەبێت. ئەو دیاریکردنەو قەباردانانەی قەسیدە بەو سیغەیە، شاعیر دەکاتە بەندی موفردە کە هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبێتەوە بەجۆرێک کە رەونەق و دەرەوشانەوە رەوانبێژییەکەی خەریکە نامێنێت.

عەبەسیەتە، ئەگەر یەکێک لە ئێمە نوێخوازی تەنیا بەفۆرم بزانێت، نوێخوازی ناوەرۆکێکی مرۆڤایەتییە بەخەسڵەتێکی دینامیکی شارستانی و عەقڵییەتێکی شۆڕشگێڕی بەرنامەکراو کە هەردەم هەوڵی دۆزینەوەی جیهانی تازەو زمانی تازە دەدات. چەمکی سەردەمییانە بۆ نوێخوازی لە تێپەڕاندنی پێناسە کۆنە پەراوێزخراوەکانی شیعرو بەجێهێشتنی قاڵبی ئامادەکراو خۆی دەبینێتەوە، موفردەی عەرەبیش کە توانایەکی بەلاغی هەیە دەتوانێت سیفەتی نەمری داهێنان ببەخشێت دوور لە زیادەڕۆیی و دروستکارییەوە، هەروەها نوێخوازیش روانگەیەکی نوێی ئەدەبی نوێیە بەفۆرم و ناوەرۆکەوە، بەزمان و هزرەوە، بەڕوانینێک لە دەربڕین و ناسکییەک لە وێنەگرتن، نەک تەنیا تیۆر بێت.

(٥)

لەڕوانگەی زانستییەوە، مەبەست لە نوێخوازی رزگارکردنی خودی مەعریفییە لە شێوازە کلاسیکیەکان بۆ پێشخستنی پرۆسەی داهێنان و دەوڵەمەندکردنی بەگەیاندنێکی نوێ و خوێنێکی نوێوەوە کە بەهۆیەوە بژیت، هەروەها لەبەرکردنی کراسێکی سەردەمیانەی کراوەیە لەبەرامبەر تیۆرەییەکانی هونەری هاوچەرخ و هەموو ئەو داهێنانە و پرۆگرامانەی کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان داهێنراون.

هزری نوێخوازیش پابەندە بەو هەڵوێستانەی کە دەربڕی وشیاری زەمان و دەروونە لە چوارچێوەکەی بۆ ئەو شتەی کە زیاتر داهێنانە. کەواتە....

نوێخوازی شێوەیەکە لە شێوەکانی شۆڕش بۆ دیاریکردنی زەمان بەبێ رۆشنکردنەوەی تیشکۆیەکەی، ئەو لەسەر ئەزموونی یاخیبوون لەهەر شتێکی پێوانەیی دەژیت، ئەو شۆڕشەش تاکە رێگای دیاریکردنی پێوانەی ئاکارو سوود گەیاندنە.

**سەرچاوە**

رۆژنامەی الزمان، (١٦) ی تەممووزی ٢٠٠٦، ژمارە (٢٤٥٢).